# بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

(وَالْعَصْرِ* إِنَّ الْإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ*إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ)

والصلاة والسلام على خير خلقه محمد وعلى آله وصحبه، السلام عليكم ورحمة الله وبركاته. له دەرسەکانی ناووکرداره پیرۆزەکانی خوای گەوره بەردەوام دەبین له بیست و دوو بەشەمین ئەم ماددەیە، له خزمەتتان باسی جوملەك قەواعیدمان کردیە وەختی خۆی وفقی ئەو قەواعیدانه کە ضەرورەته ئینسانی موئمین ئاگاداری لێ هەبی لۆوەی بتانی وفقی ئەو قەواعیدانه خوای بناسی، مەخسەدیشمان له ناسین تەنها ئیشی ئەنبیاء و روسول ئەوه بووه کە باری تەعالی حەقیقەتی خۆی کو بی بەو نەوعەی باری تەعالی بناسێنن به عیبادی، هەر له پاش ئادەم، پاشی نوح، هەتا خاتەم و هەتا هەموو ئینسان له سەر وجود ئەخیر ئینسان لەسەر وجود ئیلحاد نییه وەناشبی.

ئیذەن بەشەریەت هەمووی هەر له پاشی ئادەمەوه به هەموو فیکری ئینحیرافی موقیرن بەوەی خوایەك هەیە، ئەو خوایه کەونی خەلق کردیه، وه جوملەك ئەسماء و ئەفعالی هەیە، ئەمما لەبەر ئەوەی بەشەریەت له حەقیقەتی مەعریفەتی خوای لایدایه لۆیه باری تەعالی ئەنبیاء و روسولی ناردیه هەتا ئەو قەناعەته داخلییه کەلەلای بەشەر مەوجوده به ئینحراف و به لادان تەرتیب بکرێ و تەصفیه ببی، لۆیه له ناو قورئان باری تعالی بەحسی ئیلحاد ناکا بەتاتەن، هەر ئینسانەك به فیطرەی خۆی خوای ناسییه، ئەمما ئەو ناسینه ئەثەری ئینحرافی پێوه بووه ئەنبیاء و روسول هاتینه خەتی سۆر به جێی ئینحیرافەکەی دابینن، حەقیقەتی ئیسم و فیعلی خوای کەشفکەن، لۆوەی به تەواوی بەشەرییەت خوا بناسی، کە ناسی ئەو وەختی به تەواوی دەتانی عیبادەتی بکا.

لۆیه به میثال گوتمان جولەکەش ئێستا عیبادەتی خوای دەکا، وه ئەگەر موقابەلەیان بکەی لێیان بپرسی کێ عاردو عاسمان و زەوی و مانگ وئەستێره و خۆی بەشەرەکه و کێ باران دەبارێنی و کێ ڕەزاقیەتی ئەو بەشەرەی دەکا و مەخلوقات دەکا؟ له جواب هەمووی دەرێن خوا، الله، ئەمما له بەر ئەوەی مەعریفەتی خوای(الله)یان به حەقیقەت نەزانیه و نەناسیه لۆیه کافرن، ناسینی خوای بەس

بوونی خوای یان بەس ڕەزاقییەتی خوای یان ئیسم و فیعلی دیکەی خوای جل جلالە وە ئیقرار کردنی بەو شتانە دەلیل نەبووە لە بۆ ئیمان بوون.

نەفسی شت مەسیحییەت مەسیحیش ئێستا بچینە عەنکاوەی لە کابرای قەشە بپرسین عیبادەتی کێ دەکەی؟ دەلێ عیبادەتی خوای دەکەم، کێ کەونی خەلق کردیە؟ دەرێ خوا، کێ ڕزقت دەدا؟ خوا، کێ خەلقی کردی؟ خودا، ئەوانە هەموو جوابەکانی ڕێك و پێکە، ئەمما لە عەینی وەقتیش کافرە، هەر لە ئوممەی محمدی پاشی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بیعثەت کوفر وازی نەهینا لەدینی ئیسلام، تانی جوملەك لە ئەفکار لە قەناعەت کە خۆی دروست و صونعی کردبی تانی تەوریدی بکا ئیدخالی بکا لەبۆ فیکری ئیسلامی، لۆیێ پێش ئەوەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم وەفات بکا ئیشارەتی لە بۆ جەمعەکی موعەیەن کرد کە ئەوانە کافرن، کە ئەوانە نیوچەوانیان ئەژنۆیان بە سەجدەی هەمووی ڕۆیشتیە بەهەندی سەجدە بکەن لە ناو نوێژێ، ئەوانە جەمعەکی زۆریان حافظی قورئانن، ئەمما بە نەتیجە دەرێ ئەگەر بگەیشتبامایە کنەوانە(لَئِنْ أَنَا أَدْرَكْتُهُمْ لأَقْتُلَنَّهُمْ قَتْلَ عَادٍ)البخاري، وەکو قەومی عاد و لە ناوم دەبردن.

ئیذەن تەشخیصی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەبۆ بونی فیکری ئینحیرافی لە تەصەور بەنیسبەت الله جل جلالە لە ئەسماء و ئەفعال دیارە لە ناو بەس یەهودیەت و مەسیحییەت نابی، ئیننەما لە ناو فیکری ئیسلامی ودینی ئیسلامیش دەبی، فە لۆیێ موحتەمەلە لەناوەمەش هەبی نسبەتەك لە ناومەش مەوجود بی نسبەتەك، زۆر جار زۆرانمان گێمان لە مەوعیظە گرتیە زۆر بە مە گوترایە حەلال ئەوهایە و حەرام ئەوهایە، کێهانمان لەمە نازانین نەظەر حەرامە غەیبەت حەرامە درۆ حەرامە فلان و فلان ئیشکردنیش چاکە، ئەمما لۆ ئەو نوێژە عەسرەی کەئەوڕۆ کردیتمان موقایەسە بکەین لەگەل صەحابەی کیرام نوێژی مە لەگەل نوێژی وان فەرقەکی زۆری هەبووە؟ عیبادەتی مە لەگەل عیبادەتی وان فەرقەکی زۆری هەیە؟ سەبەبەکەی ئەوە نییە ئەوان لە چار رکاعەت زیاتریان دەکرد، عەصر ئەمە نەقصمان هەیە لە چار رکاعەتەکەی ئەوان دەجار و پازدە جار فاتیحەیان دەخیند ئەمە نایخینین؟ نەخێر نەقصەکە لە ئەداء نییە لە تەفعیل نییە نەقصەکە لەو موغناطیسیەتەیە لەو جیهازەیە کە لە داخیلمان مەوجودە.

ئی مەش وەکو ئەبوبەکرییە، وەکی وی یە جیهازی مەش. ئەمما ئەو تانیبوی بە واسطەی ئەو جیهازەی داخیلی خوای خۆی بناسی بە حەقیقەت، فە کە نوێژیش دەکا نوێژی حەقیقەت بکا وەکی مە نوێژ نەکا، ئەمما ئی مە وانییە، لۆیێ هەر بەچ طاعەتەك موقایەسەی طاعەتی خۆمان بکەین بە

طاعەتی وان فاریقەکی زۆر هەیە لە بەینی نەوعی طاعەتمان، لەبۆ ئەو حالەتەی ئەنبیاء و روسول هاتینە یەهود ئێستاش نوێژی دەکا ئێستاش تەورات دەخینی، جولەکە مەسیحی کذلك ئێستا ئینجیل دەخینی هەموو ئینجیلەکە خۆ موحەررەف نییە، جوزئەکی ئەو ئینجیلەی موحەررەفە، هەموو تەورات موحەررەف نییە جوزئەکی موحەررەفە، ئەمما قورئان لەکنە مە بەینی مەو بەینی قورئان پەرژین داندرایە لۆوەی فیعلەن قورئان نەتانی بچتە ناو داخیلمان، هەر لە گێی لەو گێیەی لەبۆ ئەو گێیەی دەربچی.

لۆیێ سبەی جومعەیە گچکەترین مزگەفت چار سەد نەفەر نوێژی لێ دەکا لە هەولێرێ لە چل و قسور مزگەفت لێرە لە هەولێرێ نوێژی جومعەی دەکرێ، قەناعەتتان هەبی بەس ئەوەندە موئمین هەبایە لە سەر کورەی ئەرض لەو نەوعەی کە پێغەمبەر ئەبوبەکر و ئیمامی عثمان و موصعەب و عبدالرحمن کوری عەوفی دروست کرد هەر ئەوەندە هەبوایە لە سەر کورەی ئەرض کورەی ئەرض هەمووی فەتح دەکرا، ئیذەن تەشخیصەکە دەقیقی لە تەشخیص ئەوەیە عیلاقەی بەینی مەو بەینی باری تعالی ئەوە خەلەلی تێدایە، خەلەل لە نوێژمان نییە نوێژەکە چار رکاعەتە و دەیکەین سبەینێ دوو رکاعەتە و دەیکەین فاتیحەیە و تەحیاتەو سەلام، خەلەل لە رۆژیمان نییە ئەوان ئەوەندە سعاتە کە ئەوان بەرۆژو بوینە ئەمە کەمتر یان زیاتر بە رۆژی دەبین نەء، خەلەل لە ذەواتمانە لە داخیلمانە ئەصلی خەلەلیش خوا ناسینەکەیە، لۆیێ موقەددەسترین عیلم کە باری تەعالی ئەنبیاء و روسولی پێ ناردبی(معریفة الله)یە جل جلالە، ئەگەر ئەو مەعریفەیە وفقی ئیرادە و خەریتەی خوای نەیێ خەلەلی زۆر دروست دەکا لە داخیلی ئینسان، لۆیێ عیبادەتەکەشی رەکیکیە.

وەکو کابرایەك مۆظەفەك بلێین مەثەلەن لەئیدارەی محەللی هەولێرێ موظەف بی، موظەفەکی عادی هەر ئەوەندەبی هەشت سەعاتەکەی خۆی برِوێنی کەدێ بەقسە و قسەرۆك و بینەو ببەو بە حەکایەتان وەقتەکەی ببا، سبەینێ کەدێ دەفتەری حضور ناوی خۆی دەنوسی و تەوقیع دەکا کە غایب نییە، نیورِانێش کەدەچتەوە دیسان تەوقیع دەکا وغایب نەبووە، ئەمما فەرقی زۆرە لەگەل موظەفەك دانیشی هەموو وەختەکەی ئیثمار بکا لە بۆ ئینتاج لە بۆ خزمەت هەر دووکیش نەفسی معاشیش وەردەگرن، ئەمما لەکن خوای وەنییە لە لای خوای جل جلالە باری تعالی تەصویری ئەعمالی ئینسان دەکا وە رِەبطی دەکا بە داخیلی بە قەلبی، فە هەتا ئەو دوو طەرەفە قەلب و ظاهیرەکەی موطابەقە نەیێ لە هەموو عومقی کیانی ئیسم و فیعلی خوای دەرنەچی تەمثیلییە کردنە، وە خوا جل جلالە تەمثیلیاتی ناوێ، لۆیێ صەراحەتەن ئیسم و فیعلی خوای جل جلالە زۆر موهیمە

وفقی قورئان وفقی طەرحی قورئانی ئیستیعاب بکرێ، پاشان تەمرینی لەسەر بکرێ ئەوجا تەفعیل ببی بە ئەعمالی صالیحە لە خاریج، هەتا ببینە ئەو ذەواتانە(آمنوا) ئەوجا(وعملوا الصالحات)، هەتا ئیمانەکە نەبی(عملوا الصالحات) نایەتەجێ ئەصلی ئیمانەکەش خوا ناسینەکەیە.

ئەوڕۆ مەوضوعەکە قیچەك موحتەمەلە غەرابەتی تێدابی لە فیعل و ئەفعالی خوای دەپێچینەوە ئەوڕۆ لە قورئان، بەداخەوە موئەللیفینی کوتوب ئەوهایان لە بۆ عەرض کردبووین کە باری تەعالی ماعەدای ئیسمی صیفەشی هەیە، ئەمما لە خزمەتتان بەحسمان کرد لە دەرسەکانی پێشترێ کە باری تعالی لە قورئان فقط فەرمویتی:(وَلِلّهِ الأَسْمَاء الْحُسْنَى فَادْعُوهُ بِهَا وَذَرُواْ الَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِي أَسْمَآئِهِ(الأعراف ١٨٠) نەیفەرمووە صیفەی هەیە، ئەمما بە ئیستینتاج گوتمان لە خزمەتتان باری تەعالی فیعلیشی هەیە، ئەفعالی هەیە باری تعالی بەتەرتیبی نزول وەکو موتتەفیقین موسبەقەن کە أسماء الله و أفعاله بە تەرتیبی نزولی قورئان وەربگرین، چونکی بەو تەرتیبەش جەمعی صەحابە لە خزمەت پێغەمبەری لەویان وەرگرت بەو تەرتیبەش خوایان ناسی ئیمانیان بە خوای دروست بوو، بەو تەرتیبەش تانیان خوای لە خۆیان رازی بکەن، لۆیە هەر لەدروسەکانی سابیق موتتەفیقین خودا دەناسرێ فقط لەڕێی قورئان.

ئەمما کو خوا دەناسرێ لەڕێی قورئان لە ڕێی قورئانیش بەتەرتیبی نزول تەرتیبی نزول، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم صورەتی یەکەمی لە سەر هاتە خوارێ صورەتەکەی وەرگرت لە ژۆرێ ئیمتیصاصی کرد هەلیمژی تەمرینی لە سەر کرد، وەکی کابرای ڕیاضی تەمرینی لە سەر صورەتەکەی کرد هەتا تەمرینەکە بووە ئیمان، ئەوجا لە واقیع کردیە عەمەل، ئەوجا باری تعالی صورەتی دووەمی لەسەر هینا خوارێ، کە صورەتی قەلەمە هەتا صورەتی یەکەم پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم تەواو تێینەگەیش تەواو مومارەسەی لە سەرنەکرد مەعریفەکە نەبووە ئیمان، بەو تەسەسولە بەو تەرتیبەیە هەتا مەعریفەکە نەبووە ئیمان ئیمانەکەش لەواقیع لە خاریج نەبووە عەمەلی صالح باری تەعالی صورەتی دووەمی نەهینا خوارێ، کەینێ صورەتی دووەمیش بە عەینی تەسەلسول پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم وەریگرت ئیمانی پێ دروست بوو لە خاریج کردیە عەمەلی صالح ئەوجا صورەتی سێیەم هاتەخوارێ، ئەوە مەقسودمانە لە تەرتیبی نزول، لەبەرئەوەی باری تعالی ئەو تەریقەیەی پێی باشترین تەریقەبووە لەوەی باشتر هەبوایە ئوسلوبی لەوەی چاکتر هەبایە دایدەبەزاند، لۆیە ئیدیکەی دانەبەزاند، ئیللا ئەو تەریقەیەی پێ باش بوو، ئیذەن ئەحکەم و

ئەعلەم تەریقەیە واجبیشە لە سەر جموعی موئمینن لە پاشی محمد هەتا قیام الساعة بە عەینی ئوسلوب خوای بناسن و ئیمانی پێ بینن وعەمەلی دروستکەن.

کەینێ لەو طەریقەیە دەرچوون ئەو وەختی مەفهومەك ئەکادیمی مەفهومەك وەظیفی وەکو مۆظەفەکەی دروست دەبی لە ذیهن، ناتانی ئەو ذیهنە ئەو جوملە مەعاریفە وەظیفیە نەقل کا لە بۆ داخیل تەمرینیشی لە سەر بکا و ئیمانیشی پێ بینی، موشکیلەی مە فەرقی مە بەینی مە و بەینی جوملەی صەحابەی کیرام ئائەو نوقتەیەیە، ئەو قورئانە ئەوانیش لە خزمەتی بوون ئەو قورئانە ئەوانیش ئەوها لەکنیان هەبووە ئەو قورئانە، ئەو قورئانە عەقیم نییە عوقمی نییە، ئینتاج نەکا ئەو قورئانە مەعمەلە، ئەمما ماددەی ئەوەلی دەبی وەکی ماددەی ئەوەلی یەکەم بی کو مەعمەلی سەیارەی سەیارەی ئینتاج دەکا دەبی ماددەی ئەوەلی مەوجود بی، ئەو قورئانەش لە سەر نەفسی ماددەی ئەوەلی ئیش دەکا.

ئەتو لەجیاتی ماددەی ئەوەلی شەریکەی صناعی سەیاراتی تویوتا بەردی لە بۆ بنێری لە جیاتی ئاسن بەردی لە بۆ بنێری دەتانی سەیارەی ئینتاج بکا؟ ناتانی، قەناعەتتان هەبی نەفسی شتە ئەو ذەواتانە نەگۆڕاینە نەفسی مەخلوقن موصعەب و محمد نەگۆڕاینە موصعەب و کاوە نەگۆڕاینە نەفسی مەخلوقن لەبەرئەوەی باری تەعالی ئەو طەریقەیەی پێ صەحیح بوو بەو نەوعە پێغەمبەر ئیمان بینی، دەبی جوملەی بەشەرییەت ئەوەی بیەوێ ببتە موئمین بەعەینی طەریقە دەبی ئیمان بینێ، لۆیێ زۆر طەریقەمان ئیستیعمال کرد ئەمە زۆر طوروقمان تەطبیق کردو تەنفیذ کرد ئەمما ئی وەکی خۆمان دەرچوو ئی وەکی موصعەب و عەممارِی لێ دەرنەچوو، هەر ئەمە دەرچووین زۆر ئەفکار و زۆر تەجاروب زۆر نازانم الی آخرە خۆتان دەزانن زۆرمان تەجروبە کرد هەر ئەمەی لێ دەرچوو.

ئەمما ئەوەی کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم تەطبیقی کرد بەعەینی صیغە ئائەو جەمعە موبارەکەی لێ دەرچوو، فە لۆیێ نوقتەی ڕەئیسی کە موتتەفیقین قەدیمەن لەگەل یەکتری بەتەرتیبی نزول موتابەعەی ئیسم و فیعلی باری تعالی دەکەین، لۆوەی فیعلەن وەکوجەمعی صەحابەی کیرام لە داخیلمان زەمینە دروست ببی لە بۆ کەمم و نەوعی ئەو نەوعە ئیسم و فیعلە ئەمەش خۆمان تەمرینی لە سەر بکەین وەکو ریاضیەکەی، وەکو ڕەبباعەکەی وەکو عەددائەکەی زەمینە دروست بکەین لە بۆی، ئەوجا پاشان ئیسم و فیعلی تازە بێتەجێ، میثالی وەشمان زۆر هینایە وەکو مندال لە ناو سکی داکی مندال لە ناو وجود مندال کە دەچیتە مەکتەبێ، باری تەعالی ئەوە سوننەتیتی قاعیدەیتی قانونیتی

قەت لێی لانەدایە باری تەعالی لێیشی لانادا لە سفرەوە دەست پێ دەکا، بە گچکەوە دەست پێ دەکا هەتا نیهایەت، هەتا تەواو جیهازەکە ئیشباع دەبی وەردەگری ئەوجا پاشان تەحویل دەکا لەبۆ واقیع، لەبۆ ئەوەی ببتە عەمەل، لۆیە دەیەمین صورەت کە لە خزمەتتان ئەوڕۆ مەقسودمانە بەحسی کەین صورەتی(فجر)ە.

لە بیدایەت باری تعالی بەچ تەسەلسولەك دێتە خوارێ، لۆوەی ئەرضیە دروستکا لۆوەی موصعەب و عەممار ئیمانی پێ بینن، ئەوجا فیعلەکەش لەناو ضمنی ئەو جوملەیە عەرض دەکا لۆوەی ئیحساس بکا ئایاتی کەونیی ئایاتی مەخلوقە ئەگەر تاریخیش بی باری تعالی کردیتی وە لەبەر ئەوەی تاریخ و حاضرو موستەقبەل لەکن خوای نییە هەمووی یەکە هەمووی نەفسی شتە، زەمەن لەکن خوای نییە پێرێ و دووسبەی نییە، هەمووی نەفسی حالەتە هەمووی لە پێش چاوی مەوجودە تەفاعول لەگەل هەمووی دەکا، ئەو حالەتە لە ناو داخیلی صەحابەی کیرام مەوجودبی کە موجود بی ئیحساس بکا باری تعالی ئێستا ئیجازەی وەرنەگرتیە، نەفسی باری تەعالایە کە رۆژ دەینی و دەبا ئیشراقی دەکا و غروبی پێ دەکا، نەفسی ئەو باری تەعالایەی کە ئێستا ئۆ کسجینی ئیجاد کردیە ئۆکسجینی خەلق کردیە، ئۆکسجین لایەزال مەوجودە نەفسی ئۆکسجین پێغەمبەر هەلی مژتیە نەفسی باری تەعالایەو کە ئێستا مەوجودە و فەعالە وەفاعیلیشە، وە موهەیمنیشە لە سەر ئیشی.

ئەمما ئەمە حاشاکی حازری گێلین لە ئیشی خوای ناگەین دەستی خوای نابینین، کو ئیش دەکا هەیمەنە و فیعلی خوای لە پێش چاومان واضح نییە، وەکو کابرای کافرەکە دەلێین(بَلْ يُرِيدُ الْإِنسَانُ لِيَفْجُرَ أَمَامَهُ(القيامة ٥)، لۆیێ دەپرسی(يَسْأَلُ أَيَّانَ يَوْمُ الْقِيَامَةِ)(القيامة ٦)، وەکو کابرای یەهودی:(أَرِنَا اللَّهِ جَهْرَةً)، با ببینین خوای ببینین ئەوجا ئیمانی پێ دەینین، ئەمەش دەیەوێ قەناعەتمان سەبر سەبر ئەوهای لێ بێ، ئەمما جوملەی صەحابەی کیرام بەو نەوعەی نەبوون، لە بیدایەتی صورەت(وَالْفَجْرِ)(الفجر ١) بەحسی فەجر دەکا، فەجر کەینێ دەکرێ کەینێ فەجر روودەدا پاش ئەوەی باری تعالی ڕۆژی بەقودرەتی خۆی بەیەدی قودرەتی خۆی برندی دەکا، لە جێیەك لە بۆ جێیەکی دیکە زەحزەحەی پێ دەکا دەیڕوێنی، (وَالْفَجْرِ وَلَيَالٍ عَشْرٍ)(الفجر ٢) ئەوە ئەرضیە دروست دەکا لە بۆ کابرای صەحابی زەمینەی دروست دەکا ئەو خودایەی کەئێستاش لایزال فجر دەکا، ئێشتاش ڕۆژهەردێنی ڕۆژ ئاوا دەکا پاش چەند سعاتەکیدی ڕۆژ ئاوا دەبی، ئەوە طەبیعەت نایکا ماددە نایکا خوا دەیکا، زەمینە دروست دەکا لە ناو داخیلی ئینسانی موئمین، (وَالْفَجْرِ وَلَيَالٍ عَشْرٍ

وَالشَّفْعِ وَالْوَتْرِ وَاللَّيْلِ إِذَا يَسْرِ هَلْ فِي ذَلِكَ قَسَمٌ لِّذِي حِجْرٍ)الفجر ئەوە هەمووی ان شاءالله ئەوەی تەفسیری هەیە لەمالێ بچی موراجەعەی تەفسیر بکا.

مەقسودمان لێرە تەفسیرکردن نییە هەموو ئەرضیە دروست کردنە،(هَلْ فِي ذَلِكَ قَسَمٌ لِّذِي حِجْرٍ) یەکسەر دێ دەفەرمووی:(أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِعَادٍ)، ألم تر بە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم نەت دیت ئایە نەت دیت باری تعالی چی لە عاد کرد، (إِرَمَ ذَاتِ الْعِمَادِ الَّتِي لَمْ يُخْلَقْ مِثْلُهَا فِي الْبِلَادِ وَثَمُودَ الَّذِينَ جَابُوا الصَّخْرَ بِالْوَادِ، وَفِرْعَوْنَ ذِي الْأَوْتَادِ، الَّذِينَ طَغَوْا فِي الْبِلَادِ، فَأَكْثَرُوا فِيهَا الْفَسَادَ، فَصَبَّ عَلَيْهِمْ رَبُّكَ سَوْطَ عَذَابٍ، إِنَّ رَبَّكَ لَبِالْمِرْصَادِ)الفجر، (أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ)ئائەوسێ نوقتەیە موهیممە، جارێ بێینە سەر کەلیمەی(تَرَ) نوبذەك موختەصەر گوتمان لەکن باری تەعالی زەمان نییە، زەمانی هیتلەری لەکن خوای نییە هیتلەر لەو زەمانەی ژیابی ئێستا لەکن باری تعالی مەوجودە لەکنەمە بویتە زەمەن، زەمەنی مە بە سوڕانی عارد بەدەوری خۆی و بە دەوری ڕۆژ زەمەن دروست بووە رۆژ و مانگ و حەفتە و سال و قەڕن و، ئەمما لەبەرئەوەی ئەوانە هەمووی مەخلوقن لەکن باری تەعالی نییە، باشە بەس لەکن باری تعالی نییە؟ لەجواب دەلێین نەخێر لەکن مەلائیکەتیش نییە.

لۆیێ باری تەعالی لە ئەسنای دروست کردنی حەزرەتی ئادەم فەرمووی:(أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ الدِّمَاء)(البقرة ٣٠)، باشە مەلائیکەت خۆ نەیاندیتبوو ئادەم بە هەزارەها سال بەنی ئادەم ئەو ئیشەی دەکا، ئەمما لە بەر ئەوەی لەکن مەلائیکەتیش زەمان نییە مەلائیکەتیش جیهازیان هەیە جیهازەکەشیان نفوذ دەکا قەطع دەکا زەمان ماضی و حاضر و موستەقبەل ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو هەمووی لە لای مەلائیکەتیش یەکە، لۆیێ مەلائیکەت فلیمی ئینسانەکەی دەدیت دەیگوت:(أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ الدِّمَاء)، لە شریتی عامی مەلائیکەت ئەوەی دەبینی مەلائیکەت ظاهیرەن هەر ئەو ئیشکردنەیە هەر حروبی عالەم دروست دەبی لە سەر کوڕەی ئەرض، هەر قەنابلی هایدرۆجین و ناتترۆجین لێك دەدرێ هەر ئینسانە لە برای خۆی دەکوژی و پارچە پارچە دەکا لە بۆ مستەوای مەقصەدی کورسی ئیفساد و سفك الدماء، کە مەلائیکەت بە صورەی سەریع تەمەشای ئەو حالەتەی دەکا ئەو وەضعانە دەبینی یەکسەر نەقل دەکا لۆ باری تعالی:(أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ الدِّمَاء)، جەواب باری تعالی قال:(إِنِّي أَعْلَمُ مَا لاَ تَعْلَمُونَ)باشە بەس خوا و مەلائیکەت ئەوەی دەزانن؟ لە جەواب دەلێین نەخێر پێغەمبەریش دەزانی صلى الله عليه وسلم، لەکن پێغەمبەری مەش صلى الله عليه وسلم زەمان نەبووە دونێ و ئەوڕۆ و سبەی لەکن نەبووە، لۆیێش هەر بە بەساطەت کێهانتان حەدیثی یان نەتانخیندبی یان گێتان لێ نەبووبی پێغەمبەر صلى الله عليه

وسلم تەبشیری نەدابی بە جوملەی صەحابەی کیرام، ئەتو ئەهلی جەننەتی، زۆرمان گێمان لێ بووە یان دیتیتمان پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم بە عەمماری فەرمووە(صبرا یا آل یاسر فأن موعدکم الجنة)، حەدیثە مەوجودە لە بوخاری و موسلم لە صیحاحەکان، بە ئیمامی عثمانی فەرمووە ئەتو جەننەتیی بەفلان صەحابەی فەرمووە ئەتو جەننەتیی، لۆیێ المبشرون بالجنة زۆرن، پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم تەبشیری کردینە بە جەننەت، نەفسی شت جەهەننەمییش فەرموویتی وەلید جێی لە فلان جێیە.

لە جەهەننەم ئەبوطالبی مامی لە بوخاری تەصویر دەکا دەلێ کەمترین نەفەر لە جەهەننەم عەذابی ئەبوطالبە کە پەنگرە ئاگرەکی بۆ دەهێنن لاقی لە سەر دادەنێ دەماغی لەگەل دەکولێ، باشە ئەو تەصویرە موجەسسەمییە پێغەمبەر لەکێی زانی وەیە یان نا؟ صەحابەك لەکن پێغەمبەری صلی الله علیە وسلم زۆر بەحس دەکرا زۆر دەگوترا ئەوە زۆر پیاوەکی صالحە ئەوە زۆر نەجیبە ئەوە زۆر نوێژی جەماعەت دەکا الی آخرە، یەك دووجار ئەوها مەدح کرا پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم فەرمووی « هَذَا مِنْ أَهْلِ النَّارِ »(مسلم)کابرا دەژی صەحابیە لە غەزوەك لە غەزەواتەکان کە ئەو صەحابیە گێی لێ بوو پێغەمبەر وای گوت یەکسەر تەسجیلی کرد لەکنە خۆی وتی والله حەیاتم مابی موتابعەی ئەو صەحابەیەی دەکەم، لۆ پێغەمبەر وای گوت لۆ فەرمووی(إِنَّهُ مِنْ أَهْلِ النَّارِ)، ئەوهەموو نوێژ و طاعەتە ئەو هەموو ڕۆژیە ئەو هەموو حەجە ئەو هەموو زەکاتە ئەو هەموو جیهاد و قیتالە دەچێتە جهننەمیش صەحابیە، موناﻓق نیە، چونکی موناﻓقەکان ئەغلەبیان مەعروف بوون، موتابعەی دەکا ئەو صەحابیە تەفەروغ دەکا لە بۆ ئەو نەفەرەی موشارەکەی شەرەك دەکا، ئەمما هەر لە دویتی شەڕێ ناکا ئەو صەحابیە ئەوەی موراقیبە کە موتابعەی ئەو صەحابەی بکا بزانی لۆ ئەوە ئەهلی جەهەننەمە، گۆتی هەرکە گێی لە حەدیثی پێغەمبەر بوو گۆتی هەتا مایمە متابعەی ئەو کابرایەی دەکەم، کەشف کەم بزانم لۆ ئەهلی جەهەننەمە لە ناو غەزوەك لە غەزواتەکان شەڕێ ناکا بەس تەماشای کابرای دەکا مراقەبەی دەکا، لە غافرەتەك کەدیتی کابرا بریندار بوو لە قۆلی درا بەس پیستەکەی پێوەمابوو ئەزیەتی درا قۆری یەکسەر دەستی لە بن لاقی خۆی داناو سەحبی کرد قۆلی لێ کردەوە، ئەمما دیتی ئەزیەتەکەی زۆرەپێی تەحەموول نەکرایە، یەکسەر شیرەکەی دانا بە عەکس خۆی هاویشتە سەر شیرەکەی تیژی شیرەکەی لە پشتی دەرچوو، ئەوجا فەرمووی فَقَالَ « اللَّهُ أَكْبَرُ أَشْهَدُ أَنِّى عَبْدُ اللَّهِ وَرَسُولُهُ ».، کابرا ئینتیحاری کرد.

باشه پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم جارێ جەننەت و جەهەننەم نەبووە ڕۆژی قیامەت نەهاتیە کوی زانی؟ فیعلەن ئەو کابرایە جەننەتیە ئەبوبەکر جەننەتیە، ئا ئەو صەحابیە مایسمی بصحابة جەهەننەمیە کوی زانی؟ لە جەواب دەڵێین پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم باری تعالی کە ئیسراو میعراج بوو پێشی ئیسرا و میعراج حالەتی نبووەت و ریسالەت دەبی داخیلی پێغەمبەر جیهازەکەی بەو نەوعەی تەحەککوم بە جوملەك شت بکا، یەك لەوانە زەمەنە، لەکن پێغەمبەری صلى الله عليه وسلم دونێ و ئەوڕۆ و سبەی نەبی بە هەموو فلیمی کامل لە پێش چاوی بی، لۆیێ کە تەمەشای ذاتەکەی دەکر دەیگۆت والله ئەتو جەننەتیی ئەتو جهەننەمیی فلیمەکەی هەموو لە پێش چاویتی، دەیبینی ئەعمالی ئەو کابرایەی هەمووی واضحە لە پێش چاوی، لۆیێ قابیلی ئەوەی هەبوو حوکم بکا لە سەری ئەوە جەننەتیە ئەوە جەهەننەمیە.

لۆیێ لەو صورەتانەش هەرلێرەش دەفەرمی:(أَلَمْ تَرَ)، ئایا دیتت یان نەت دیت؟(أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِعَادٍ)، بەعینی ئوسلوب(أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصْحَابِ الْفِيلِ)(الفيل ١)، لە پێش پێغەمبەری صلى الله عليه وسلم جیهاز هەموی مەکشوف بووە هەمووی دیتییە تێکڕا، لۆیێ ماضی و حاضر و مستەقبەلی لەکن نەبووە، لۆیێش بەو نەوعەی باری تعالی خیطاب لەگەل پێغەمبەری دەکا صلى الله عليه وسلم، ئەوە کەلیمەی تر.

كَيْفَ فَعَلَ، دێینە بن کەلیمەی فَعَلَ، کە زۆر جار دەڵێین باری تەعالی ئیسم و فیعلی هەیە، صەراحەتەن گەورەترین جەریمە کرایە لە تەئریخی قورئان کە قورئان ڕەبط کرایە بە لوغەی عەرەبی، بە صەراحەت وادەڵێم گەورەترین ئیجرام کرایە لە حەقی قورئان کە گوترایە قورئان بە لوغەی عەرەبیە، عیلمەن پێشترێ دەمانگوت لە بیرتانە قورئان لوغە نییە لیسانە، قورئان لوغە نییە لیسانە، گوتیشمان لیسان لوغە ئائەو جوملە قەواعیدەیە لە لوغەی عەرەبی فعل فعل ماضی مبنی علی الفتح، تدخل علی کان ئەوهایە فعل مفعول بە ئەوهایە ئەوە لوغەیە، ئەمما گوتمان لیسان مەربوطە بە فیطرەی ئینسان مەربوطە بەو حەقائیقانەی کە باری تعالی لە ناو فیطرەی ئینسانی دانایە، فیطرەی ئینسانە تەعبیر دەکا لە ناو داخلی خۆی شەرتیش نییە بەس بەزمان تەعبیری بکا.

گوتیتمان مەثەلەن کابرا خەبەرەکی خۆشی دەدیێ خۆشەویستەکی سی سالە بزرە مەفقودە، کە پێی دەڵێی هاتیە یان کە دەیبینی یەکسەر باوەشی پێ دەکا لە خۆشیان فرمێسك دەڕژێنی، ئەوە تەعبیرەکە لە فەرەحی داخیلی خۆی، ئینسانەك قسەی لە گەل دەکەی خاصەتەن ئەوە زۆر جار گوتمان لە ئێران لە پاکستان لە مەنطیقەی هندستان ئەوانە زۆرە ئیحائات کە قسان دەکەن زۆر دەستیان دەجولێنن،

هەتا لە فلیمی هیندی ئەگەر مولاحەظەتان کردبی دەستیان حەرەکە پێ دەکەن، یان مەثەلەن کە قسەی لەگەل دەکەی شتەکی لێ دەپرسی ئەرێ فلان شت ئەوهایە؟ لە جیاتی بە زمان چوکت لۆبکا یان بلێ نەء بە چاو ئەوها[مامۆستا بە چاو ئیشارەتەکی کرد] ئیشارەتەکت لۆ دەکا نەء، ئائەوەش لیسانە، مەثەلەن بە دەست فلان لەوێیە یان نا؟ ئەگەر لەوێ نەبی دەلێ ئەوها[مامۆستا ئیشارەتەك دەکا بە دەست] دەکا بە زمان واناکا ئەوەش هەر لیسانە.

ئیذەن لیسان جوملەك تەعابیرە لە داخیلی ئینسان کە بە فیطرەوە مەربوطە تە حویل دەکرێ لەبۆ واقیع بە جوملەك کیانی بەدەنی ئائەوە لیسانە، قورئانیش بە لیسان هاتەخواریە، جوزئەکە لە هەزارەها بەشی لیسانەکەی، لۆیێ زۆر جار گۆتیتمان کابرای کرمانجی خۆمان لەگەل کابرای ئەفریقی و غینی ئیحتیاجی بەوەی نییە إلا دەبی قورئان فێربی، لۆوەی خوا لە خۆی ڕازی بکا نەخێر، زۆر جار گۆتیتمان کە تەزکیە و تیلاوە دەکرێ داخیلی ئینسان جیهازەکەی دەست بە ئیش کردن دەکا یەکسەر موورادی خوای دەتانی ئەدا بکا بەبێ ئەوەی لە لوغەی عەرەبیش بگا، لەبەرئەوەی قورئانیان ڕەبط کرد بە زمانی عەرەبی، زمانی عەرەبیشیان جوملەك قەواعید لۆ دانا، یەك لەو قەواعیدانە فیعل تەعریفی فیعل ئەوە بوو لەکنیان ئەو کردارەیە کەدەکرێ ببتە ماضی و حاضر و مستقبل، ماضی و مضارع و ئەمر، وە ئەو فیعلەش مەفعول بە و تەفیعل و ئائەو جوملەشتانەی لێ دەربچی وەدەشکرێ لە بۆ حەسەن و قەبیح ئیستعمال بکرێ، ئەوە تەعریفی لوغەوی بو لە بۆ فیعل، ئەمما کە دەچینە خزمەت قورئان قورئان ئەوهانالێ، باری تعالی لە قورئان کە بەحسی فیعلی خۆی دەکا بەس بەحسی فیعل خۆی دەکا، ئەوەش مەقسودمانە لە لیقاء.

هەرچی فیعلی هەیە ڕەبطی کردیە بقەهر بەجەبەروت بە ئینتیصار بە ئەزیەتدان بە موجازات بە عەزاب، هەرچی کەلیمەی فیعلی خوایە لەقورئان بەونەوعەی هاتیە، ئەمە زۆر جار طەلەبی ئەوەمان کردیە دەبی عەن طەریقی قورئان و تەرتیبی نزول ئیمان بە ئەسماء و ئەفعال بینین، لۆیێ کە دێینە خزمەت قورئان قورئان بەونەوعەی بەحسی فیعلی خۆی کردیە، بەونەوعەی ئیمان بە فیعلی خوا دەینین، ناچین کەلیمەی فیعلی خوای تەصریفکەین لە بۆ ئموری دیکەش، ئائەو خەلەلە دروست دەبی کە وەختی خۆی لە لیقائاتانی پێش ترێ باسمان دەکرد، کەینێ جیهازەکەی داخیلی بە قەد ئیرادەی خوای کە خۆی دروستی کردیە ئیسم و فیعلەکەشی دانایە بە قەد ئیرادەی خوای وەرنەگیرێ خەلەل دروست دەکا، وەکو جیهازی گێری سەیارەکی سکاینابینی ئەتو لە بۆ سەیارەکی تۆیتا ئیستیعمال بکەی، موحتەمەلە ئیشی پێ بکرێ هەتا فەترەك موعەییەن ئەمما پاش فەترەکی دی

سیلاك دەكا هۆردوو جیهاز هەم گێری تویوتایەكەی سیلاك دەكا هەم گێری سكاینیایەكەی سیلاك دەكا، ئیدی هۆردوك جیهاز لە كیسمان دەچی، وەختی خۆی گۆتیتمان جیهازی كە بتانی ئیسم و فیعلی خوای ئیمتیصاص بكا جیهازی داخیلی ئینسانە قەلبە، ئەو قەلبە بەو كەمیەیەی كە باری تعالی پێی فەرمووینە ئەوەندە ئیسم و فیعلەی ئیمتیصاص دەكەن دەبی هەر ئەو كەممیەی وەربگرین.

وەكو دەرمانی دختۆری زیاد كردن و كەم كردن خەلەل دروست دەكا لە داخیل، دكتۆر گۆتی ئەوسی حەبەی بە سی ڕۆژ بخۆ، ئەگەر ئەمن چوومە مالێ قۆدیەكەم كردەوە و لە سەرزاری خۆم هەمووم قوتدا نەفسی ئەو حەبەیە كە دەبتە عیلاج دەبتە سەم لە بۆ من، دەبی بمبەنە تەواری غەسلی مەعیدەم لۆبكەن، كەدختۆر گۆتبووی ئەو سی حەبە بە سی ڕۆژ بخۆ ئەمن بكەمە شێست ڕۆژ دیسان ئیستیفادەی لێ ناكەم، نەفسی حالەتە ئەوە باری تعالی كە دەفەرمی:(أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِعَادٍ إِرَمَ ذَاتِ الْعِمَادِ)، دێی هەتا تەسەلسول دێتەخوارێ،(فَأَكْثَرُوا فِيهَا الْفَسَادَ، فَصَبَّ عَلَيْهِمْ رَبُّكَ سَوْطَ عَذَابٍ، إِنَّ رَبَّكَ لَبِالْمِرْصَادِ)، دەبی ئەبەو نەوعەی فەهم بكرێ كەلیمەی فیعلی خوای، ئەوە نەتیجەكەیتی كە صورەتی فیل دەخینین،(أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصْحَابِ الْفِيلِ)(أَلَمْ يَجْعَلْ كَيْدَهُمْ فِي تَضْلِيلٍ)(وَأَرْسَلَ عَلَيْهِمْ طَيْراً أَبَابِيلَ) دەبی بەونەعەی تێی بگەین.

ئیذەن(وَيَفْعَلُ اللّهُ مَا يَشَاءُ)(إبراهيم ٢٧) نەفسی ئوسلوبە يفعل الله مايريد نەفسی ئوسلوبە، لۆیێ بەتەسەلسول كە دێینە خوارێ لە صورەتی إبراهیم ئایەتی چل و پێنج:(وَتَبَيَّنَ لَكُمْ كَيْفَ فَعَلْنَا بِهِمْ)(إبراهيم ٤٥)، لە ئەقوامەكان كە بەو نەوعەی گرتمان بەو نەوعەی تەدمیرمان كرد، بەو نەوعەی فەوتاندمان بارانی بەردمان بە سەرباراندن، (وَتَبَيَّنَ لَكُمْ كَيْفَ فَعَلْنَا بِهِمْ وَضَرَبْنَا لَكُمُ الأَمْثَالَ)(إبراهيم ٤٥)، فیعلی خوای دەبی ئەبەونەوعەی ئیمتیصاص بكرێ، یان لەجێیتكە(مَّا يَفْعَلُ اللّهُ بِعَذَابِكُمْ إِن شَكَرْتُمْ وَآمَنتُمْ)(النساء ١٤٧)، هەمووی فیعلەكەی بە عەذاب و بەقەهرو بەجەبەروت و بەموعاقەبە و بەموحاسەبە هاتیە،(وَيُضِلُّ اللّهُ الظَّالِمِينَ)(إبراهيم ٢٧)، لەئایەتەكی دیكە(وَيَفْعَلُ اللّهُ مَا يَشَاءُ)، لە ئیظلال هاتیە مەفهومی فیعل لە ئیظلال هاتیە لە جێیەیەكی دیكە، (فَأَمَّا الَّذِينَ شَقُواْ فَفِي النَّارِ لَهُمْ فِيهَا زَفِيرٌ وَشَهِيقٌ)(خَالِدِينَ فِيهَا مَا دَامَتِ السَّمَاوَاتُ وَالأَرْضُ إِلاَّ مَا شَاء رَبُّكَ إِنَّ رَبَّكَ فَعَّالٌ لِّمَا يُرِيدُ)(هود ١٠٧) هەها هەموو كەلیمەی فیعلی خوای بەقەهرو بە جەبەروت و بە ئیظلال كردن و بەوانە مەربوطە، لە ئایەتی دیكە(وَمَن يُهِنِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِن مُّكْرِمٍ إِنَّ اللَّهَ يَفْعَلُ مَا يَشَاءُ)(الحج ١٨)هەموو ئایەتی قورئان لە فاتیحەوە هەتا صورەتی ناس ئائەوە سیفەتیتی ئائەوە شكلیتی.

ئیذەن کە ئەمە دێین شەوان کە شەو دەستدەکەین بە قیام کردن لە سیاقی ئەو جوملە ئایەتە کەلیمەی فیعلی خوای تێدەگەین، قیچەك تەئخیر کردن قیچەك تەقدیم کردن خەلەل دروست دەکا لە داخیلمان، کە خەلەلی دروست کرد لە داخیلمان ناتانین فیعلەن تەصەوری ئیسم و فیعلی خوای بکەین کما یرید هو، کە ناتانین تەصەور بکەین ناشتانین تەمرینی لە سەر بکەین، ناشتانین تەحویلی بکەین لەبۆ ئیمان، ناشتانین عەمەلی صالح دروست بکەین، بە موبەسەطی ئەوەی تێیگەیشتبووین ئەمە باری تعالی ئیسم و فیعلی هەیە هی دیکەش دەیانگوت صیفەی هەیە، صیفەش ئیسمی فیعلە صیفە، یەعنی باری تعالی ئەو جوملە ئیشەی دەکا فەترەك فەترەکی دیکە نایکا ئەوە صیفەیە، عیلمەن لە قورئان گۆتمان صیفە نییە هەر ئەو دوو شتە هەیە ئیسمی هەیە فیعلیشی هەیە، ئیسممان بەحس کرد زۆر لەبەر ئەوەی بەترتیبی نزول بەدو مەوضوع دادەچین گەییشتینە کەلیمەی فیعلی خوای(یفعل الله).

باشە فیعلی خوای دەبی چ بی؟ لەبەرئەوەی قانونی قورئانیمان هەیە ئەمە فقط، بەروئیەی قورئانی لە بۆ مەوضوع دەچین بە تەرتیبی نزولی قورئان، قورئانمان موتابەعە کرد کەشف بوو لەبۆمان لە قورئان لە چاردە جێ کەلیمەی فیعل و ئەفعالی خوای هەیە، بەتەصریفیش هەرچی هەیە ئەفعالی خوای کوشن جەمعمان کرد لەبۆمان دەرچوو هیچ فیعلەك نییە لە بۆ رەحمەت بی هیچ فیعلەك نییە لەبۆ شەفەقەت بی، هیچ فیعلەك نییە لەبۆ ڕەئفەت بی، هەموو فیعلەکانی لەبۆ قەهر لەبۆ ضەخت لەبۆ ئینحیصار حەصرکردنی ذاتەکە، لە بۆ عقوبە لەبۆ عەذاب لەبۆ ئیضلالە، هەموو فیعلی خوای لە قورئان بەو نەوعەی هاتییە، کە ئەمە شەوان قیام دەکەین بەو نەوعەی دەبی تەصەوری خوای بکەین، فیعلەن باری تعالی کە بەحسی(أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصْحَابِ الْفِيلِ) دەکا، (أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصْحَابِ الْفِيلِ)،(أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِعَادٍ) پاشان(مَّا يَفْعَلُ اللّهُ بِعَذَابِكُمْ)(وَتَبَيَّنَ لَكُمْ كَيْفَ فَعَلْنَا بِهِمْ)، ئەوانە هەمووی، کە قیام دەکاو مومارەسەی تەمرینی فیعلی خوای دەکا دەبی ئەو جوملە ئایەتەی هەمووی لە پێش چاوبی، لۆوەی فیعلەن خەوفەك موعەییەن ترسەك موعەییەن لە داخیلی خۆی دروست ببی بەرامبەر فیعلی باری تعالی، کە باری تعالی ئێستاش قادیرە چی بە ئەصحابی فیل کرد چی بە عاد و بە ثەمود و ئیرەم کرد چی بە فیرعەون و ئەوتادی کرد، (،(فَأَكْثَرُوا فِيهَا الْفَسَادَ، فَصَبَّ عَلَيْهِمْ رَبُّكَ سَوْطَ عَذَابٍ، إِنَّ رَبَّكَ لَبِالْمِرْصَادِ)، باری تعالی ئێستاش لایەزال بیلاتەشبیهـ وەکو مەرصەدەك ئێستا دانیشتیە ئاگادار و مولاحەظەی ئەو حالەتەی دەکا کە فیعلەن ئیجادی سەبەبی فیعلی بێتە وجود لە عەبدەکەی لەسەری دابەزێنی، ئەوە مەفهومی مومارەسە کردن و ئیستیفادە کردنە لەو فیعلەی، ئەوە بەمومارەسە دەبی ئەو حالەتە لە داخیلی ئینسانەکەی ئیجاد بکرێ.

ئیذەن کەلیمەی فیعل لە قورئان وەکو معاجم و لیسان و مقایس اللغة و فەراهیری و ئەوانە نەهاتییە لە قورئان، ئەوانە رەحمەتی خوایان لێ بی بە ئوسلوبەك مەوضوعی لەبۆ کەلیمەی فیعل چووینە، فیعل قەبیحی هەیە چاکەی هەیە خراپیش هەیە، لە فیعلی بەشەری خۆیان موقایەسەی فیعلی خوایان کردیە، ئەوەش جائیز نییە دەبی قورئانەکە ببتە میکرۆسکۆب، بە قورئانەکەی فیعلی خوای کەشف بکرێ ئەوجا فیعلی خوای مومارەسە بکرێ، لە داخیل هەتا ئەو حالەتە دروست نەبی جیهازەکە فیعلی خوای ئیمتیصاص ناکا کە ئیمتصاصیشی نەکرد ناتانی بوو لە خزمەتتان بەحسکرا إن شاءالله لە لیقائاتی دادێ مەفهومی کەلیمەی میرصادیش،(إِنَّ رَبَّكَ لَبِالْمِرْصَادِ) زیاتر تەوضیحی دەکەین وە تەصاریفیتکەی ئەو فیعلەی زیاتر لە خزمەتتان بەحس دەکەین، أقول قول هذا وأستغفرالله لي ولکم سبحان ربك عما یصفون والسلام علی المرسلین والحمد لله رب العالمین.

کێ سوئالی هەیە ئیستفساری هەیە تەوضیحی هەیە نەصیحەتی هەیە إنشاءالله لە هەموولایەك خوا قەبولی بکا.

پرسیار: زەحمت نەبی ماموستا ئایەتەکانم لۆ دووبارە ناکەی؟

(وەڵام): ئایەتەکان بەحسی(أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِعَادٍ)،(أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصْحَابِ الْفِيلِ) ئەوە بەحسمان کرد،(وَتَبَيَّنَ لَكُمْ كَيْفَ فَعَلْنَا بِهِمْ) بەحسی ئومەم دەکا لە سورەتی إبراهیم ئایاتی چل و پێنج کە ئومەم باری تعالی چی لێ کردینە کوو لە ناوی بردینە، کوو ئەزیەتی داینە، کوو عەذابی لەسەر ناردینە، کوو ئیظلالی کردینە ئەوە فیعلی خوایە، ئەمما ئەو فیعلە کەینێ دێتە وجود ئینسانەکە وەدەکا ذاتەکە وەدەکا خوا ئەوهای لەگەر بکا،(مایفعل الله بعذابکم إن شکرتم) دیسان کەلیمەی فیعل بە عەذاب هاتییە، ئەگەر فیعلەن ئەنگۆ تەوحیدی خواییتان بە تەواوی کرد خودا لۆ عەذابتان دەدا؟ کەلیمەی فیعل لێرە لەبۆ عەذاب هاتیە،(فَأَمَّا الَّذِينَ شَقُواْ) بەحسی شەقییەکان دەکا لە ڕۆژی قیامەت(فَفِي النَّارِ) لە ئاگری جەهەننەم، (لَهُمْ فِيهَا زَفِيرٌ وَشَهِيقٌ)(خَالِدِينَ فِيهَا مَا دَامَتِ السَّمَاوَاتُ وَالأَرْضُ إِلاَّ مَا شَاء رَبُّكَ)، نیهایەتی ئایەتەکەی چییە؟(إِنَّ رَبَّكَ فَعَّالٌ لِّمَا يُرِيدُ)، ئەوە بەحسی ئەوەمان کرد(إِنَّ رَبَّكَ لَبِالْمِرْصَادِ)، کە ذات دێ بەحسی جەهەننەمی لەبۆ دەکرێ لە بەر ئەوەی لەکن خوای گوتمان وەقت نییە وەقت لەکن خوای نییە، لەکن ملائیکەت وەقت نییە، لەکن پێغەمبەری وەقت نییە، دەبی لەکنەمەش ئەوهابی کەدێین مومارەسەی تەمرینی حالەتی فیعلی خوا دەکەین ئەوئایەتەمان دێتە پێش چاوی(فَأَمَّا الَّذِينَ شَقُواْ فَفِي النَّارِ) ئەو وەختی دەبی ئیحساس بکەین فیعلەن ئێستاش خوا دەتانی لەبۆمە ئائەو حالەتە ئیجاد بکا، (إِنَّ رَبَّكَ فَعَّالٌ لِّمَا يُرِيدُ)، ئیذەن فیعلی مە کرداری مە مەربوطە بەکرداری

باری تعالی، باری تعالی موجازاتی کرداریی عەذاب و ئەزیەت و ئیظلال موقابیلی کرداری مەیە، ئەگەر هات و ئەمە مومارەسەی ئیمانیمان کرد وەمومارەسەی فیعلی خوامان کرد فیعلەن لە ناو داخیلمان خەوفەکی خوای دروست دەبی لە گوناهـ بە دوورمان دێخی.

پرسیار: ئەو برایە دەپرسی، دەفەرمی کیف یکون ذکر بالقلب؟ هل صحیح إن قوله تعالی(ثُمَّ تَلِينُ جُلُودُهُمْ وَقُلُوبُهُمْ إِلَى ذِكْرِ اللَّهِ)(الزمر٢٣)؟ ان ضربات قلوبهم تکون هادئة؟

(وەڵام): برای شیرینم باری تعالی قەلب مەقسەدی ئائەو ماددەیە نییە کە زۆر جاریش بەحسی جیهاز دەکەین مەقسەدمان ئەو جیهازە نییە کە فیعلەن سینگ و دل و دل ئائەو گوشتە، پارچە گوشتەی کە خین دەفع دەکا مەقسەدمان ئەوە نییە، مەعلومتانە هەتا کە گوتیتما کابرای مولحیدیش مولحید نییە، کابرا لە ناو داخیلی خۆی دەڵێ ضەمیر م قبولی نەکرد ئەوهای لێ بکەم ئەوە قەلبەکەیە، ئەوە مەفهومی قەلبە جیهازەك موعەییەن غێرمەرئی باری تعالی خەلقی کردیە لە ناو داخیلی ئینسان، ئەمما لە بەر ئەوەی کوفر وەختی خۆی بەمەی گۆتبوو ئەحاسیس بەس بە پێنج، ئیحساس پێنجە، بە پێنج سەبەب ئینسان حس دەکا ئەویش چەشتنە دیتنە بینینە بیستنە دەست لێدانە، ئەوانە ئیحساسە، ئەمما ئێستا لە غەرب ئیحساس بویتە دوازدە ئەمما جارێ نەگەیشتیتە کنەمە، کەینێ گەیشتە کنەمە دوازدەکە ئەو وەختی دەڵێن فیعلەن ناو جیهازی سینگی ئینسانیش قەلبەك هەیە فیعلەن لەگەل قەلبی مە موختەلیفە، فە ئێستا ئیحساس لە غەرب بویتە دوازدە ئەمما جارێ نەگەیشتیتە کنەمە ئەمە قەناعەتی پێ بینین، لۆیێ باری تعالی دەفەرمی:(فَتَكُونَ لَهُمْ قُلُوبٌ) نەیفەرمووە لهم آذان، لهم أدمغت،(يَعْقِلُونَ بِهَا)، زۆر جار کە ئەمە دەلێین عاقل دەستمان لۆ مێشکمان درێژ دەکەین، عیلمەن عەقل لێرەنییە باری تعالی تەئشیر لە بۆ داخلی ئینسان دەکا دەفەرمی:(فَتَكُونَ لَهُمْ قُلُوبٌ يَعْقِلُونَ بِهَا) قەلبیش،(لِيَبْتَلِيَ اللَّهُ مَا فِي صُدُورِكُمْ وَلِيُمَحِّصَ مَا فِي قُلُوبِكُمْ)(آل عمران ١٥٤)، لە لوغەی لەلیسانی عەرەب وەلە قورئان ئێرە صەدرە قەلبیش لێرەیە، ئەمما لەگەل ئەو جیهازەی نییە ئەو مضەخە دەمەویە و خوێن کە دەفع دەکا لە گەل ئەوی نییە جیهازەکیکە هەیە، إن شاءالله ئەگەر جەنابت قیام اللیل بکەی ئیحساسی پێ دەکەی کە فیعلەن دەست بەئیش کردن دەکا، خوا بەنسیبی تو و منیش بکا إن شاءالله.

پرسیار: ئەو برایە دەپرسی دەلێ ئایا چۆن تەیسیر فیعلێکی خوایە و فیعل فیعلەکی خوایە؟

(وەڵام): بارك الله فيكم دەقيقە ئەو سوئالە، لەمەوپاش دەڵێن باری تعالی بەس ئيسمی هەيە فيعلەكانی هەر ئەوەندەيە كە بەحسمان كرديە، كە دەڵێين إسم الله أسماء و أفعال الله، ئەفعالەكان ئەو قسمەتەيە بەس كە ئەو ڕۆبەحسمان كرد، ماتەبەقا هەمووی ئەسمائە، ماتەبەقا هەمووی ئەسمائە، ئەوەندەی كە ئەورۆ بەحسمان كرد ئەفعالە ئەويتكە هەمووی كوشن ئەسمائە، لۆيەش باری تعالی لە قورئان دەفەرمی:(وَلِلَّهِ الأَسْمَاء الْحُسْنَى)(الأعراف ١٨٠) نەيفەرمووە ئەفعال نەيفەرمووە صيفات.

پرسيار: ئەو برايە دەپرسی چۆن مەلائيكەت دەزانی ئينسان خوێن دەرژێنی؟

(وەڵام): برای شيرينم تازە گوتمان لەكن مەلائيكەت تازە بەحسی پێغەمبەرمان كرد، موقيرين بەوەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئەو شتانەی لە ڕاستی گۆتييە، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بەفلان صەحابی گۆتييە ئەتو جەننەتی صادق بووە، كە گۆتيتی ئەوە جەهەننەمييە جەهەننەميە، شك لەوەی نييە، چاكە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم كوی زانی؟ لە صورەتی ئەوەی كەدەفەرمی:(لَقَدْ رَأَى مِنْ آيَاتِ رَبِّهِ الْكُبْرَى)(النجم ١٨) ئيجماعی موفەسرين لە سەر ئەوەی موتەفيقن كە باری تعالی جەننەت و جەهەننەمی نيشاندا، لۆيێ كە جەنابی رسول الله هاتەوە لێيان پرسی چت ديت فەرمووی جەننەت و جەهەننەمم ديت، ئەها لە ناو حەديسەكان بەحسی جەهەننەم دەكا دەڵێ فلانم ديت فلانم ديت، مەثەلەن ئوممەتی خۆم ديت ژن بوون زۆريان زۆريان لە پرچيان هەڵواسرابوون زۆريان لە سينگيان هەڵواسرابوون زۆريان لە زمانيان هەڵواسرابوون، باشە جارێ قيامەت نەبووە كوو پێغەمبەر ديتی ئەوە حاسسەی مە نييە لەبەر ئەوەی كوفر لە مێشكمانی نايە پێنج حاسە هەيە، ئەو حاسەيە جارێ لەكنمە دروست نەبووە.

ئەمما قەناعەتتان هەبی ئيمان دروستی دەكا، ئيمانی حەقيقی لە ناو ئينسانيش ئەو حاسەيە دروست دەكا نەك هەر ئەوەندە ئيحساس دەكا ئەو نوێژە سبەينێ كە كرديتی قبول بووە يان نا، ئائەو ئيحساسەش دەكا، فلان ئيشی كرديە ريايە يان حەقيقەتە ئەو ئيحساسەش دەكا، نەك هەر ئەوەندە قەناعەتتان هەبی كابرای كافريش كابرای موجريميش كەئەتو قسەی لەگەڵ دەكەی قسەكە لە ناو دلت دەربچی ئيحساس دەكا ئەتو صادقی، قەناعەتتان هەبی كابرا كافريش بی مەسيحيش بی ئيحساس دەكا ئەتو لەگەری صادقی، ئەمما كە قسەكان لە ناو درت دەرنەچی ئيحساس دەكا تەفەنون و دبلۆماسييەت هەيە لە قسەكانت دەتەوێ ئيقناعی كەی، لۆيێ صەراحەتەن دوعات دوعات الى الله زۆر ضرورية داخليان تەصفيە ببی، ئەصلەن خۆيان مەدعو بن لەبۆ خوای پاشان غەير دەعوەت بكەن لەبۆ خوای، لۆيێ دوعات بەستەزمانانە موخاطەبەی ذهنی بەشەر دەكەن نەك مێشك، كابرا قسەی لۆ دەكەی

خوطبەی لۆ دەدەی سەرت لۆ دەلەقێنی موتەئەثیرە بە قسەکانت لە خوطبەکانت دەگرێ وەعد دەدا چیدی گوناهان نەکا ئەمما هەمووی دووسەعات سێ سەعاتە پاشان بەستەزمانەی لە فکری دەچی، ئەمما ئەوەی لەقەلب دەرچووبی لەقەلب دەدا لە صەمیم دەدا کززەی هەناوی دەینی، ئەوە صەحیحە، لۆ چونکی فیعلەن لە قەلب دەرچووە، خودا بە نسیبمان بکا لۆ خاتری گەورەیی خۆی.

پرسیار: ئەو برایەمان دەپرسی ئەگەر فیعل بۆ ئازار و ئەشکەنجە بێ ئەدی بۆ رەحمەت و بەزەیی لە قورئان چی بەکارهاتووە؟

(وەڵام): باری تعالی فەرموویەتی تازە لە خزمەتتان بەحسمان کرد فەرمویتی:(وَلِلَّهِ الأَسْمَاءُ الْحُسْنَى فَادْعُوهُ بِهَا)، نەیفەرمووە ولله الأفعال الحسنى فادعوه بها، ولله صفات الحسنى فادعوه بها، ئەسماء، ئەمما لەبەرئەوەی بەمە گۆترایە ئیسم و فیعل لە لوغەی عەرەبی ئەوهایە، لۆیێ لە مێشکامان هەتا ئێستا ئیستیعابی ئیسم و فیعلی قورئان ناکەین، لۆیێش تازە گوتم گەورەترین جەریمە لەگەل قورئان کرایە قورئان بە لوغەی عەرەب لێکدرایەوە، عیلمەن لوغەی عەرەب لەگەل لیسانی عەرەب جودایە، ئەو قەواعیدانەی لە لوغەداندرایە لەگەل قورئان تەطابوق ناکرێ جودایە، لە مێشکمان ئیسم ئیسمە ئیسمی لوغەی عەرەبییە جوملەی ئیسمی ئەوەیە، فیعلەن بە ئیسم بی مەثەلەن محمد ئیسمە نائیم ئیسمە، ئەمما لە قورئان ئیسم ئەوها نییە، جوملەك شتێتکەیە، سەمیع ئیسمە لەکن خوای لەسەر وەزنی فەعیلیشە، کەریم ئیسمە فیعل نییە، ئەکرەمە فیعلە ئەمما لەبەر ئەوەی لەمستەوای ئیسم هاتییە دەبی بە ئەکرەمەش بلێین هەر ئیسمە، لۆیێ هەتا بەقورئان نەچینە ناو قورئان وەقەواعیدی قورئانیش لەکنمان نەبی ئەو مشکیلەیە هەر دەمینێ لە ذهنمان ناتانین ئیستیعابی بکەین.

پرسیار: ئەو برادەرەش دەپرسی بە نسبەت پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم گۆتمان زەمەن نییە ئەدی لۆمە؟

(وەڵام): برای عەزیزم ئەگەر ئەمەش ئیمانمان وەکو ئیمانی پێغەمبەری لێ بێ زەمەن لەکنمان نامینێ، دەبی ئیمانمان لە قورئان لە مستەوای ئیمانی ئەنبیاء و رسول بی ئەگەر بەقەد ئەوانیش نابی لەمستەوای صدیقین بی، لە مستەوای ئەوانیش نەبی بەقەدەر شوهەداء و صالحین بی، ئیمانیتکە نییە، نەوعیتکە ئیمان نییە ئائەوەشە(منعم علیهم)، فە ئەگەر ئەوها بوو وەکو ئەو صەحابیەمان لێدێ کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لێی پرسی:(کیف أصبحت یافلان؟ قال أصبحت مؤمنا، قال أن لكل شئ

حقيقة وماحقيقة قولك) كما قال رسول قال أصبحت كأنه مەعنای حەدیسی أرى الجنة في يميني والنار في الشمال أرى بأن اصحاب الجنة يتناعمون وأصحاب النار يعذبون أو كما قال رسول.

قەناعەتتان هەبی ئەمەش ئەوها دەژین دەبی ئەوهاش بین، هەتا ئینسان بە مومارەسەی ئیمانی نەگاتە مستەوای جەننەت باری تعالی نەقلی جەننەتی ناکا، تەلەبە صەفی شەشی متەوەسطەی ئیمتیحانی بەکەلۆری نەکا ناجیح نەبی لە مستەوای ئیعدادیە و متەوەسطەی نەبی دەیبەنە متەوەسطەی؟ دەیبەن؟ ئەگەر بیبەن جەریمەیە یان نا؟ تەلەبەی صەفی شەشی ئیبتیدائی ئیمتیحانی پێ نەکەن ناجیح نەبی بیبەنە متەوەسطەی عەقل قبولی دەکا؟ ضەمیر قبولی دەکا؟ نەخێر، جەریمەیە قەناعەتتان هەبی موئمین نەگاتە ئەو مستەوایەی ئیذەن لە سەر کوڕەی ئەرض پێشی مردنی نەگاتە مستەوای جەننەت باری تعالی داخیلی جەننەتی ناکا ئەوە قورئان ئەوها دەفەرمی، لۆیێش هەرچی بەحسی جەننەت کرایە لە قورئان بە ماضی بەحس کرایە کأنە بووە جەننەت، بووە کأنە ئەمەش لە ناو جەننەتین بە ماضی بەحسکرایە کە بەحس دەکرێ بە ئیستیقبال بە مەثەل بەحس دەکرێ، (مَثَلُ الْجَنَّةِ الَّتِي وُعِدَ الْمُتَّقُونَ)(محمد١٥)فیها فیها بە مەثەل، کأنە ئەو ذاتە دیتیتی مومارەسەی تێداکردیە تێیدا ژیایە ئەوە ئیمانی مەطلوبە، کەینێ وەکو جوملەی صەحابەی کیرام موتابەعەی ئیمانمان کرد کە چۆن دروست دەکرێ ئەو وەختی ئەمەش وەکی وانمان لێدێ.

پرسیار: بەڵێ، ئەو برایە سوئالەکی مەعقولی کردیە إذا كان رسول صلى الله عليه وسلم يعلم المستقبل فلماذا كان حريصا على أيمان عمه أبوطالب؟ ولماذا كان لايعلم وقت الساعة؟ چاکە،، ولماذا كان لايعلم الغيب ليستكثر من الخير؟ (وەڵام): برای شیرینم نەمانگوت پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم موستەقبەل دەزانی، گوتمان نەتائیجی ئەعمالی ذەواتەکان دەبینی، ئەمە هەمووومان مەلەفمان هەیە مەلەف، وەکو کو لە دائیرەی ئەمن وەختی خۆی هەرنەفەرەك مەلەفی خۆی هەبوو، لەکن باری تەعالاش ئەمە مەلەفمان هەیە، ئەو مەلەفە هەمووی حازرە هەمووی مەوجودە، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کە تەماشای ذاتەکەی دەکا کوو داخیلی دەبینی پێغەمبەر صلى الله علي وسلم.

هەها جوملەی صەحابەی کیرام سوئالیان لێ کرد - أَنَّ رَجُلاً سَأَلَ النَّبِيَّ صلى الله عليه وسلم أَيُّ الأَعْمَالِ أَفْضَلُ قَالَ.؟ لە مجلیسەك لە مەجلیس سێ صەحابی دانیشتبوون هەرسێکیان یەك سوئالیان کرد، ئەمما سێ جوابی موختەلیفیدا، سوئالەکان هەرسێکی أَيُّ الأَعْمَالِ أَفْضَلُ؟ بە یەکەکی فەرمووی(الصَّلاَةُ لِوَقْتِهَا)، بەیەکیکەی فەرموو(وَبِرُّ الْوَالِدَيْنِ)، بە یەکیکەی فەرموو(ثُمَّ الْجِهَادُ فِى سَبِيلِ اللَّهِ)، البخاري لۆ؟ چونکی جیهازی داخیلی هەرسێکی دەدیت پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم،

تەمەشای مەلەفی وەی دەکا تەماشا دەکا ئەوە لە نوێژێ کەمتەرخەمی هەیە تەمبەلە، یەکسەر فەرموی الصلاة في وقتها، خۆ نەفسی سوئالیشی کردیە، تەمەشای جیهازی نەفەری دووەمی دەکا پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم تەماشادەکا ئەوە لەگەل داك و بابی باش نییە، فەرمو‌ی(وَبِرُّ الْوَالِدَيْنِ)، خۆنەفسی سوئالیشە جوابەکەی موختەلیفە، ئی سێیەم لەولای دانیشتیە نەفسی سوئالی کرد فەرموی(ثُمَّ الْجِهَادُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ) لۆ؟ چونکی هەرسێکیان جیهازیان لە پێش پێغەمبەری مەکشوفە وە مەلەفیشیان لەکن پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم مەکشوفە.

نەك هەر ئەوەندە قەناعەتت هەبی ئەو برایەی کە ئەو پرسیارەی کردیە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەیزانی صەحابە شەوێ چ دەکا، لە بوخاری و موسلیم مەوجودە، شەوێ دەیزانی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەو ذەواتانە لە مالێ صەحابەکان چ دەکەن، هەر ئەوندەش نا، نەخێر، کە ڕادەوەستا لە صفوفی پێشەوەی نوێژی صەحابەکان ڕادەوەستان ئەویش ئیمامە، صلی الله علیه وسلم دەیفەرموو فلان ڕاست راوەستە فلان صەحابی ڕاست ڕاوەستە، عیلمەن چاویشی لێی نییە ڕووی لە قیبلەیە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەویش لە پشتیتی لۆیێ صەحابەکە پێی عەجیب بوو پاشان پاشی نوێژ چووە خزمەتی فەرموی(قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صلی الله علیه وسلم « أَتِمُّوا الصُّفُوفَ فَإِنِّى أَرَاكُمْ خَلْفَ ظَهْرِى »مسلم. باری تعالی ئەوها ئەو پێغەمبەرەی خەلق کردییە، ئیذەن ئائەو حالەتە دەلیلی ئەوەی نییە دەبی پێغەبەر صلی الله علیه وسلم علم الساعة بزانی نەخێر، دەلیلی ئەوەی نییە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم غەیب بزانی، هەتا کەلیمەی غەیبیش ئەو برایە ئەگەر ئەو کەلیمەیە دەلێ موتابەعەی قورئان بکا کەلیمەی غەیب لەکن ئەنبیاء و روسول مەحدودە، حەتتا ئەمە جوملەك شت لەکنەمە غەیبە ئەمما پاشان دەبتە عیلم، لەکن ئەنبیاءو رسولیش ئەوشتە نسبییەو دەبتە عیلم، ئەمما یوم الساعة متی الساعة؟ ئەوە فیعلەن لەکن پێغەمبەریش غەیبە چونکی نازانی جەڕەسەکە کەینێیە، نازانی ئەمما ما تەبەققا عیلمە لەکن پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم غەیب نییە، فە ئەگەر موتابەعەی کەلیمەی غەیب بکا لە قورئان تەماشا دەکا بە نسبەت ئەنبیاء و رسول کەلیمەی غەیب نسبییە نسبییەتی هەیە لەکن فلان پێغەمبەری، مستەوای مەثەلەن عیلم ئەو هابووە لەکن فلان پێغەمبەری عیلم ئەوهابووە عیلمەن لەکنەمە غەیبە قەضییەکە نسبییە.

پرسیار: ئەوبرایە یەکەمین(وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَى إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى)(النجم ٤)، ئایەتەکەی نوسییەو بەس، دووەم(ألم تر) ئایا لە تەفسیرەکا ن وا باس دەکات؟ سێیەم ئایا پێغەمبەر غەیبی زانییە؟

(وەڵام): ئەوەسوئالی بوعدی سێیەممان بەحسکرد تازە گوتمان غەیب نسببیە بەنیسبەت پێغەمبەری صلی الله علیە وسلم عیلمە، بەس ئەوانەی کەباری تعالی(اختص بە نفسە) ئەوە جودایە،(ألم تر) ئایا لە تەفسیرەکان وا باس کرایە؟ بەلێ لە بەعزە تەفاسیر وەکو کەششاف سعید حواش تەلمیحی بەو مەوضوعەی دەکا لە ئەسەری تەفاسیرنەفسی شت تەلمیح لەبۆ ئەو مەوضوعەی دەکا، (وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَى إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى) ئەوەنازانم مەخسەدی چیە تەفسیر بکرێ نازانم؟

پرسیار: کەلیمەی وەحی کووە؟

(وەڵام): لەکن مە وەحی بەس ئا ئەو ئیبحائەیە کە دێتە خوارێ؟ نەخێر شەرت نییە حەقائیقیشت زانی وەحیە، لەکن باری تعالی ئایاتی کەونی و ئایاتی شەرعی، ئەوە ئایاتی شەرعیە، ئەو ڕۆژەش ڕۆژ هەراتن و ڕۆژ ئاوابوون ئایەتی کەونییە هۆردوك لێرە مەوجودە هۆردوك لێرە مەوجودە لۆیە ئەوە وجهان لعملة واحدة، تەطابوقی بەینی ئایەتی کەونیی و ئایەتی شەرعی، فە پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم ئەوەی تەعامولی لەگەل دەکا ئەو بەشەرانە ئەو جوملە موئمینانە...